# کارەساتی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبیل
# و چەند تکایەك!

ئامادەکردنی:سەلام عەبدوڵلا



دوێنێ لە نزیك دێی مێخاس کارەساتێکی هاتوچۆ روویدا و لە ئەنجامدا دانیشتوانی هەردوو ئۆتۆمبیلەکە بەسەختی برینداربوون، بەڵام یەکێکیان هەناسەی لێبڕابوو. ئەو ئۆتۆمبیلانە کە گەیشتنی شوێنی کارەساتەکە، دەستبەجێ هەوڵی رزگارکردنی بریندارکراوەکان درا. زۆربەیان لەناو ئۆتۆمبیلەکان گیریان کردبوو و پاش هەوڵێکی زۆر سەخت توانرا، لە ئاگرتێبەربوونی ئۆتۆمبیلێکیان دوو ژن رزگار بکرێت.

من هیوای تەندرووستی بۆ هەمووان دەخوازم. لەوانەیە ئەمە بیستەم رووداو بێت کە بە چاوی خۆم دەیبینم،بۆیە ناتوانم ئەم چەند پێشنیارە نەکەم:

1- بە پێچەوانەی هەموو وڵاتان، ئێمە پێویستیمان بە هێماکانی هاتووچۆ نییە لەسەر جادەکان!

2- تکایە تا دەکرێت ئۆتۆمبیل بە توندی لێبخورن، چونکە ئێمە لە سەردەمی(سرعە)دا دەژین!

3- دانیشتوانی ئۆتۆمبیل پێویستییان بە قایشی خۆبەستنەوە نییە، ئەوەی ئەو قایشەی داهێناوە، پیاوێکی ئەحمەقە و هیچی تر.



4- ئەگەر ئۆتۆمبیلێك کەوتە پێشتەوە، مانای وایە، تۆ دواکەوتویت، بۆیە تا پێت دەکرێت، دووبارە بکەوە پێشیەوە وقەدەوازی لێ مەهێنە.

5- ئەوەی تەماشای کردی، تۆش چاوی لێ زەق بکە و رێی پێمەدە بکەوێتە پێشتەوە.



6- ئەگەر لە جادە لاتدا، ئیشارەت هەڵمەکە، شوفێرەکەی تر دەبێ خۆی بە سەلیقە بێت و خوا پێی بڵێ، ئۆتۆمبیلەکەی پێشی بەرەو کوێ لێدەخورێت.

هتد...



